پەیمانگەی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی- MIRS
Mediterranean Institute for Regional Studies
www.mirs.co

نیسانی 2018

پەیپەری ژمارە/ ٤ – ٢٠١٨

# گۆڕانکارییە هەرێمایەتییەکان وجیۆپۆڵەتیکی نوێی ووزەی هەرێمی کوردستان

بەهرۆز جەعفەر

ئینستیوتی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی
عێراق- ئۆفیسی سلێمانی- گەڕەکی ڕزگاری- بەرانبەر یانەی وەرزشی ئاشتی
ئیمەیڵ: Info@mirs.co یان Bahroz@mirs.co
تەلەفۆن: ٠٠٩٦٤٧٧٠١٩٥١٧٣٦ یان ٠٠٩٠٥٣٣٨٦٠١٥١٤

# گۆڕانکارییە هەرێمایەتییەکان وجیۆپۆڵەتیکی نوێی ووزەی هەرێمی کوردستان




**بەهرۆز جەعفەر**

**سەرۆکی ئینستیوتی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی – MIRS**

**خوێندکاری دکتۆرا لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان**

## پێشەکی:

ووزە و جیۆپۆڵەتیك، پەیوەندییەکی دانەبڕاویان لەگەڵ یەکتر هەیە، سەدەی بیستەم گەواهیدەری ئەوەیە، ئەو هێزانەی لەدەرئەنجامی ناکۆکی و شەڕەکاندا، دەستیان گەیشتووە بە سەرچاوە و هێڵەکانی نەوت و غازی سروشتی، ئەوانە تام و بۆنی سەرکەوتنیان چەشتووە، ئەگەر کاریگەری ووزە بە سەر جوگرافیای سیاسیەوە ناوبنەین "جیۆپۆڵەتیکی ووزە"، ئەوا " پیترۆپۆڵەتیك- Petropolitic" یش وەك چەمکێکی تازەی ناو پەیوەندییە ئابورییەکان، بریتی یە لەکاریگەریی پیترۆڵ بەسەر خودی سیاسەتەوە، پیترۆڵ لەدەیان شوێن هۆکاری هاوپەیمانێتیەو، لەدەیان شوێنیش مایەی جەنگ و هەڕەشەی گەورەیە، بۆیە نەوت و غازی سروشتی بەوەوە ناوەستن، تەنها بەهای دۆلار و بازاڕ دەست نیشان بکەن، کاریگەری گەورەش لە دروستکردنی هاوپەیمانێتیە سیاسیەکان دا ئەگێڕن و، ئەبێتە کەرەستەی دابەشکارییە هەرێمایەتییەکان بەسەر زلهێزەکان دا.

هەرێمی کوردستانی عێراق، لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس (٢٠٠٣) ەوە، لەلایەکەوە بازاڕێکی تازەی ووزەیە و، کۆمپانیا فرەڕەگەزە نێودەوڵەتیەکان (Multi National Company) بە لێشاو ڕووی تێدەکەن، لەلایەکی تریشەوە، بە پێی دەستور (عێراق) دەوڵەتێکی فیدراڵی یەو، بەرپرسیارێتی پەرەپێدانی سامانە سروشتییەکانی هەرێم بە پێی ماددەکانی (١١١ و ١١٢ و ١١٥ و ١٢١) ی دەستوری عێراق کەوتۆتە دەستی ئەنجومەنی نەوت و غازی هەرێم، لەژێر ڕۆشنایی یاسای ژمارە (٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧) ی پەرلەمانی کوردستان کە لەهەمان ساڵدا کەوتۆتە بواری جێبەجێکردنەوە[١].

ساڵی (٢٠١٨) یەو، کوردەکان لە عێراق وێڕای گەندەڵی و بینا نە کردنی دامودەستگای یاسایی و سیاسیی، هێشتا لە چوارچێوەی حکومەتی مەرکەزیی عێراق دا ئەژین، کە ئەم دەوڵەتە (١٢٣) ملیار دۆلار قەرزی دەرەکی و ناوخۆیی لەسەرە[٢]، ناوچەکە بەگشتی لە ڕووی سەربازییەوە خەریکە قوتاری بێت لە جەنگی دژ بە "دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام"، بەلاّم هێشتا لە عێراق دا (١١٧٠٠٠) سەت و حەڤدە هەزار چەکداری میلیشیا هەن و، دابەشبون بە سەر (٧٣) گروپ دا [٣]ئەم تەنگژانە لەکاتێکدان، کە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست بەگشتی و ناوچەی کەنداو بەتایبەتی، لە کەف و کوڵی خۆ- ڕێکخستنەوەدایە بۆ گێمێکی تری ململانێ و ناکۆکی.

بۆیە: ئەم توێژینەوەیە، بە ئەرکی خۆی ئەزانێت لە چوارچێوەی میتۆدێکی زانستی و ناونیشانی بابەتەکەدا، بەدەم وێناکردن و خوێندنەوەی تەوەرەکانەوە، سۆراخی سێ پرسیاری ڕاستەقینە بکات:

**یەکەم:** گرێبەستە کانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیای ڕووس نەفت و ئەوانی تردا ڕوون بکاتەوەو، کاریگەرییان لەسەر بازاڕی ووزە دیاری بکات.

**دووەم:** وەرگەڕان و جیۆپۆڵەتیکی نوێی ووزە لە دەریای ناوەڕاست، پشت کردنە دەریای ناوەڕاست و ڕووکردنە دەریای ڕەش لەلایەن تورکیاوە، وەرچەرخانەکان لە ناوچەی قەزوین، لە کوتلەی کەنداوی فارس، ئەمانە ئایندەی سیاسی و ئەمنی و ئابوریی هەرێمی کوردستانی عێراق بەرەو کوێ ئەبەن؟.

سێهەم: سیناریۆکانی بەردەم ئایندەی هەرێمی کوردستان چیین؟.

## تەوەری یەکەم: گرێبەستە نەوتییەکان

بەپێی پەیمانگای چاودێری ئیرادات (Revenue Watch Institute) گرێبەستی نەوتی، ئەبێت کلیلی چارەسەری دوو پرسی سەرەکی بێت، یەکەمیان: چۆن قازانجەکان دابەش ئەبن، کە ئەمەیان زیاتر پێی ئەوترێ (کرێ- ئیجارات) لە نێوان حکومەت و کۆمپانیا بەشداربوەکاندا. دووەمیان: چۆن (تێچوو- تکلفە) چارەسەر ئەکرێت.

لە جیهاندا، گرێبەستە نەوتییەکان بۆ (٤) چوار جۆر پۆلێن کراون، هەریەکەشیان باشی و خراپی خۆی هەیە:

یەکەمیان: پێی ئەوترێ (گرێبەستی ئیمتیاز-Concession) ئەمە کۆنترین جۆری گرێبەستی نەوتییە، لە ئەمریکا ساڵی (١٨٠٠) لەپای دەرهێنانی نەوت ئەم مافە ئەدرا بە هەر کۆمپانیایەك، ئەمە بەشێکە لە سیستەمی ئەمریکی و، ئیمپریالیزمی نوێ، لێرەدا کە دەوڵەت پارچەیەك زەوی دیاری کراوی خۆی هەیە ئەیدات بە کۆمپانیای فرە ڕەگەز، تیایدا مافی گەڕان و دۆزینەوەی نەوتی هەیە، ئەگەر بڕێکی دیاریکراو دۆزرایەوە، ئەوا کۆمپانیاکە کاری گەشەپێدان و دەرهێنان و ئەمبارکردن و بازرگانی کردنیشی ئەنجام ئەدات ، حکومەت کاری ئەوەیە تەنها کارئاسانی بۆ بکات، لەبەرانبەردا حکومەتی خاوەن زەوی (باج-Tax، رسوم –Fee) وەرئەگرێت. باشی ئەمە ئەوەیە زیاتر پێش چاوی حکومەت (خاوەن ماڵ) ڕوونە لەچاو شێوازەکانی تر لە گرێبەست دا، ووردەکارییەکی ئەوتۆی تیانییە، هەروەها تێچووی پرۆسەی دۆزینەوەو بەرهەمهێنان ناکەوێتە ئەستۆی خاوەن ماڵ. خراپییەکەشی ئەوەیە زۆر دەوڵەت و کۆمپانیا ئەچنە موناقەسەکەو داوای گرێبەست ئەکەن و، شیرینی پێشوەخت ئەدەن و...هەندێ جار فشاری جۆراوجۆر بەکاردێنن.

"لەم جۆرەیاندا، کە ئەوترێت شەفافیەت لە گرێبەستە نەوتیەکان دا نییە، یانی دیار نییە چەند باج و رسوم و شیرینی لەو کۆمپانیایانە وەرگیراوە!".

دووەمیان: گرێبەستی بەشداری وەبەرهێنان (العقود المشارکە فی الانتاج- Producting Sharing Contract). لەم شێوازەدا، زەوی و موڵکیەت نادرێت بە کۆمپانیاکە، یەکەمجار ئیندۆنیزیا ساڵی (١٩٦٦) ئەم ڕێگەیەی تاقیکردەوە، کە زەوی و موڵکی خۆی نادات بەڵام کۆنتراکتۆر (بەڵێندەر- مقاول) مافی دەرهێنان و

فرشتنی هەیەو، بڕێکی دیاریکراو لە قازانج ئەدات بە حکومەت (خاوەن ماڵ). کۆمپانیاکانی نەوت لێرەدا هێنانەدەرەوەی نەوت و بەگەڕخستنی تەکنیك و سەرمایەی خۆیان ئەگرنە ئەستۆ، پاشان قازانجی ساڵانەی خۆیان هەڵئەگرن، ئەوجا چی مایەوە بە پێی ئەو ڕێژەیەی ڕێککەوتون لەگەڵ حکومەتدا دابەشی ئەکەن. ئێستا لێرەدا، زیاتر ڕوون بۆیەوە، کە گرێبەست ئەبێت ڕەچاوی (دابەشکردنی قازانج و چارەسەرکردنی تێچووی پرۆژەکە) ی تیا بکرێت.

ئەم جۆرە گرێبەستە، ئەگەر باشییەکی هەبێ، ئەوەیە: حکومەت ڕیسك و سەرکێشی بەسەرمایەو ئامرازەکانی خۆیەوە ناکات، بەڵکو ئەکەوێتە سەر کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکان، هەروەها لەوسەریشەوە بڕێك قازانج وەرئەگرێت (ئەگەر هەبو). بەپێچەوانەشەوە گرێبەستی بەشداری وەبەرهێنان، یەکێکە لەو شێوازەی گرێبەست کە سومعەیەکی خراپی هەیە، چونکە حکومەت ئەبێت بەرپرسیارێتی: تەکنیکی، ژینگەیی، دارایی، بازرگانی، شارەزایی یاسایی، لە ئەستۆ بگرێت بەرانبەر ئەو پرۆسیسانەی کۆمپانیای فرە ڕەگەز ئەنجامی ئەدات. ئەمەش بۆ دەوڵەتێك ئەبێت کە حکومەتێکی دەوڵەمەندو، بە ئەزموون و، ستراتیجیەتێکی ئابوریی بەهێزی هەبێت، بۆ ئەوانە ئەبێت کە "کۆربۆکرات"ن، واتە چینە ساختەچییەکانی جیهانن، هەموو وانەیەکی هەوالگریی، بانکی یان تەواوکردووە، سەدان ملیاریان هەیەو، چەند کۆمپانیایەکیان داناوە، لە ڕێگەیەوە زەفەر بە وولاتە دواکەوتوەکان، یاخود تازە پێگەیشتوەکان ئەبەن و، مرخی خۆیان لە سامانەکەی خۆش ئەکەن، سەرەتا وەکو ئەوەی لە کۆماری مۆز، لە شیللی، لە فەنزەویلای سەردەمی شافێز-٢٠٠١، لە ئیکوادۆر و داستانەکانی ئەمازۆن، کردویانە، ئاوها بەناوی بونادنانی ژێرخانی ئابورییەوە، حکومەت و سامانەکەی وێران ئەکەن. دواتر بۆ دەیەها ساڵیش لەوسەرەوە خۆیان ئەکەن بە خاوەنی نیوەی پشکەکانی ئەو وولاتە.

زۆربەی گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستان لەم جۆرەن، ناوێکی جوانتریشیان داتاشیوە پێی ئەڵێن "کۆمپانیاکانی گەڕان و پشکنین". زۆربەی ئەو گرفتانەی کە هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیاکان هەیەتی، پەیوەستە بەمجۆرە لە گرێبەستەوە، کە تیایدا بڕی دەستکەوت و قازانجی هەرێم یان دەوڵەتی خاوەن زەوی دیاری ناکرێت، حکومەت وەکو بارمتەیەك لێ ئەکات بەدەست ئەو کۆمپانیایانەوە، خراپییەکی تری ئەم گرێبەستە ئەوەیە، کاریگەری لەسەر ئیراداتی دەوڵەتەکە دروست ئەکات.

دارایی گشتی دەوڵەت: بریتی یە لە بڕی دەستکەوتوو لەگەڵ تێچووەکان (واتە ئیرادات و نەفەقات) کە دەستەکەوتەکان کەمبو، ئەو خەملاندنەی لە پلانەکانی بودجەی ساڵ دا هەیە هەڵە ئەبێت، ئیتر (کورتهێنان-عجز) دروست ئەبێ، ئینجا بۆ پڕکردنەوەی ئەو کورتهێنانە ئەبێت بچی قەرزی دەرەکی بکەی، لەکوێ؟. لە لایەنێك کە خۆی ڕاستەوخۆ بەستراوە بەم جۆرە کۆمپانیایانەوە، بەواتایەکی تر، گرێمانەیەکی تری ئەم دونیایەی

سەدەی بیستویەك ئالۆزبونی پەیوەندییە ئابورییە نێودەوڵەتیەکانە، کە تیایدا کۆمپانیا فرەڕەگەزە زەبەلاحەکان بە توندی گرێدراون بە بانکی جیهانی و سندوقەکانی دراو ەوە. بۆ باشتر بەدواداچوونی ئەمەش، بڕواننە کتێبێکی دانسقە، بەناونیشانی، دانپیانانی بکوژێکی ئابوریی ( John Perkins: Confissions of an economic hit man).

جۆری سێهەم: گرێبەستی خزمەتگوزارییە **( العقود الخدمة)** ئەمە لەهەمان کاتدا مەترسیەکیشە- Risk and Service Contract) ئەمە دەوڵەت سەرەتاوە بۆ کۆتایی، کارەکان خۆی ئەیگرێتە ئەستۆ، تەنها هەندێ باری لۆجیکی و خزمەتگوزاری جۆراوجۆر هەیە، لەگەڵ کۆمپانیایەکی دەرەکی دا ڕێك ئەکەوێت، گرێبەستەکانی حکومەتی پێشوی عێراق لەسەردەمی سەدام حوسەیندا لەم جۆرە بون، عێراقی دوای سەدامیش هەر ئەم میتۆدەی گرتە بەر، بۆیە هەرێمی کوردستان شێوازێکی جیای لە گرێبەست گرتە بەر، دەوڵەت لێرەدا بەتەواوی سەروەری خۆی ئەپارێزێت، جۆری چوارەمی گرێبەستیش بریتی یە فرۆشی گەڕاوە[٤].

## تەوەری دووەم: لە نێوان دانا غاز و ڕووس نەفت دا


حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەساڵی (٢٠٠٦ ەوە بۆ ٢٠١٤) کەوتە بەر ململانێی ئابوریی و سەربازیی لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیی کە (نوری مالیکی) سەرۆکوەزیران بو، تا ئاستی ئەوەی هێز ڕووبەڕووی یەك بکەنەوە، بۆیە هەرێم لەسەرەتای (٢٠١٤) ەوە بڕیاری دا ڕاستەوخۆ نەوتی خۆی هەناردەی دەرەوە بکات، مامەڵە لەگەڵ کۆمپانیای سۆمۆ (بۆ بازاڕیکردن) نەکات، ئەم هەنگاوەشیان ناونا (سەربەخۆیی ئابوریی). بەڵام ئەم بڕیارە لەو کاتەدا هەڵەیەکی ستراتیژیی گەورەبو؟.

لەبەرئەوەی هاوکات بو لەگەڵ هاتنی داعش و سەرهەڵدانی شەڕ، هاتنی (١,٨) یەك ملیۆن و هەشت هەزار ئاوارە بۆ هەرێم (عێراق هەرچییەك بێت دەوڵەتەو ئێران و بەریتانیاو ئەمریکا بەرپرسیارێتی ئەخلاقی و مێژوویان بەرانبەری هەیە). هەروەها بەدوایدا دابەزینی نرخی نەوت لە (١٠٠$) ەوە بۆ (٣٤$)، ئینجا بەهۆی بڕیارەکەی هەرێمەوە، بودجەی هەرێم لەلایەن بەغداوە بڕدرا. لەگەڵ ئەوەش دا بەشێوەی جێگیرو بەردەوام گەندەڵیەکی سیستماتیك لەهەرێم لەئارادابووە، سەرباری هەموو ئەمانەش لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان دەوڵەت نییە، کەواتە زەمانەتی نێودەوڵەتی بەهێزی لە مینا کانی فرۆشتن و کڕینی نەوت بەهێز نییە، بۆیە ڕێککەوت هەبووە بەرمیلێك نەوتی عێراقی بە پێی نرخی ستاندار (٥٤$) ی کردووە، هەرێم فرۆشتویەتی بە (٢٧$)، جگە لەوەش لەگەڵ ئەو یەدەگە زۆرەی نەوت و غازی سروشتی کوردستان، بەڵام هیچ کاریگەرییەکی لەسەر نرخی نەوت و تەنانەت ڕێرەوی هێڵەکانیش نەبو، چونکە بە ناچاریی بە (قاچاخ- Smuggler) ئەم کاڵایەیان ساغ ئەکردەوە.

بەو شێوەیەی سەرەوە، چەندین سەکتەی یەکلەدوای یەکی بەهێز بەر حکومەتی هەرێم و هاونیشتمانیەکانی کەوتن، هەرێم بەردەوام بەدوای دەرچەیەکی فەرمی دا ئەگەڕاو ئەگەڕێت، کە نەوت و غازی بۆ بفرۆشێت یان (بازاڕی – تسویق) ی بۆ بکات.

بۆ ئەم مەبەستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (شوباتی ٢٠١٧) ونبوی خۆی دۆزیەوە، کە کۆمپانیای (رووس نەفت-Ros Neft) ە، سەرەتا هەردوولا ڕێککەوتن کە، ڕووسیا نەوتی هەرێم ئەکڕێت بۆ ماوەی (٣) ساڵ لە (٢٠١٧-٢٠١٩). دواتر لە ڕۆژی هەینی (٢ ی حوزەیرانی ٢٠١٧) لەمیانەی بەشداریکردنی وەفدی هەرێم لە مونتەدای سان پیتەر سبۆرگ کە کۆڕبەندێکی ساڵانەی ئابوریی نێودەوڵەتیە، هەردوولا ئەمجارەیان ڕێککەوتن کە بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ کە تیایدا ڕووس نەفت: (یەکەم: کاری گەڕان و پشکنین بکات، دووەم: دەرهێنان، سێهەم: کاری گەشەپێدانی ژێرخانی سەرچاوەکانی ووزە بکات لەهەرێم، چوارەم: بازرگانی سەرچاوەکانی ووزەی هەرێم بگرێتە ئەستۆ). وەك سەرەتایەکیش (٤) ملیار دۆلار بە هەرێم دراوە [٥].

کۆبونەوەی حکومەتی هەرێم، شەرعیەتی یاسایی لەوێوە وەرگرتووە، کە بەشداربوانی گرێبەستەکە ئەندامانی ئەنجومەنی نەوت و گازی هەرێمن، بەپێی یاسای ژمارە (٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧) ی پەرلەمانی کوردستان، مافی ئیمزاکردنی یان هەیە لەسەر ڕێککەوتنەکان (وەك لەم وێنەیەدا دیارن) .



ڕووس نەفت، کۆمپانیایەکی ئاسایی نییە، دوای جەنگی سارد ساڵی (١٩٩٣) دامەزراوە، کۆمپانیای وەبەرهێنانی پیترۆڵی ڕووسیە، پشکی حکومەتی ڕوسیا تیایدا (٥٠٪) ەیەو (١٩٪) ی نازانرێت هی کێیە، لەگەڵ بەشێکی کەمی بی پی و قەتەریەکان. هەرچییەك بێت لەمەولا هەرێمی کوردستان ئەبێتە یاریکەرێکی سەرەکی لەبواری ووزەدا، لەبەرئەوەی یەکەم: هەرێم بازاڕی فرۆشتنی دۆزییەوە، دووەم: پلانەکە وایە لە کۆتایی ساڵی (٢٠١٧) دەست بە هەناردەکردنی غازی سروشتیش لە هەرێمی کوردستانەوە بکرێت.

ئەو پرسیارەی، لەم تەوەرەدا ئەبێت سۆراخی بکەین، ئەوەیە، ئایا کۆمپانیای ڕووس نەفت هەرێمی کوردستان تووشی هەمان مەترسی و بێنەوبەرەی دانا غاز ناکات ؟. بەتایبەتی ڕووس نەفت زەبەلاحترین کۆمپانیایەکی جیهانییەو، داناغاز یەکەیەکی مامناوەندەو مێژووی دامەزراندنی ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٢٠٠٥).!.

لەسەرەوە باسکرا، کە گرێبەستی بەشداری و بەرهەمهێنان بۆ هەرێم دەست نادات و، خراپیەکانی زۆرن، بەلاّم ئەوەی جێی سەرسوڕمانە هەرێم تەنها یەك گرێبەستی لەجۆری خزمەتگوزاری هەیە، ئەویش بۆ کێڵگەی کۆرمۆرە لەچەمچەماڵ، لەگەڵ هەردوو کۆمپانیای دانە غاز و هیلال پیترۆلیۆم (گوایە ئەمە شێوازە باشەکەیانە)، کەچی بەهۆی تۆمارکردنی داوای یاسایی لەسەر حکومەتی هەرێم، ئەم کۆمپانیایانە داوای (١,٧) یەك ملیار و حەوتسەد ملیۆن دۆلار ئەکات لە قۆناغی یەکەمدا، چونکە بەهۆی گرێبەستەکەوە (٣,٣) سێ ملیار و سێ سەت ملیۆن دۆلار زیانی پێگەیشتووە؟. کۆمپانیای دانەغاز پێی وایە حکومەتی هەرێم شایستە داراییەکانی لەکاتی خۆیدا پێ نەداوە، لە بەرانبەر ئەو ئەرکانەی کە لە کێڵگەی غازی کۆرمۆر ئەنجامی داون، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان، کێشەکانی دانە غاز و، بڕیارەکانی دادگای ناوبژیوانی وا ئەبینێت کە:

- دادگای ناوبژیوانی، سکالاّی داواکارانی ڕەتکردۆتەوە، کە داوای (١,٧) ملیار دۆلار قەرەبویان کردبوو بەرانبەر گازی زیادە، دادگاش بڕیاریداوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان مافی هەیە بۆ وەرگرتنی گازی بەرهەمهاتوو لە هەموو بەشەکانی (کۆرمۆر) بەبێ هیچ پارەدانێکی زیادە بە داواکاران (وەك لەسەرەوە ئاماژەمان بە جۆری گرێبەستەکە کرد)، هەروەها وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لایوایە: داواکاران مافی ئەوەیان نییە، تاکلایەنە داوای تێچوی ئەم گازە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن.
- بە لای سامانە سروشتی یەکانی هەرێمەوە، دادگا بە تەواوی داوای (دانا غاز و کرێسنت) ی ڕەتکردۆتەوە، کە گوایە (٣,٣) ملیار دۆلای زیانیان پێگەیشتووە لە داهات و پارەدان، کە بە وتەی خۆیان لە دۆخی ئاساییدا وەریاندەگرت.

- هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەڵێت: دادگا داوای دانا غازی ڕەتکردەوە بۆ (٢٤) ملیۆن دۆلار قەرەبوو بەرانبەر زیانەکانی بە هۆی فرۆشتنی ناچاریی پشکەکانی لە ئەنجامی گرفتە داراییەکانی. هەروەها دادگای ناوبژیوانی لە کۆی (١٩) بڕگەی سکالای داواکاران (١٨) بڕگەی ڕەتکردۆتەوە، کە گوایە ئەو مافەیان هەیە بە پێی گرێبەست (بڕواننە ڕاپۆرتی وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێم- لە بیبلۆگرافیا ).

ئەوەی ئەم شیکارییە ئەیەوێ، بەدواداچونی بۆ بکات، جگە لە سروشتی گرێبەستەکە، پیاچوونەوەشە بە کۆی ئەو گرێبەستانەی دیکە کە ئەنجامدراون، لە ساڵی (٢٠٠٧) دا حکومەتی هەرێم کێڵگەی کۆرمۆر و چەمچەماڵی بۆ ماوەی (٢٥) ساڵ داوەتە کۆمپانیای دانا غاز و کریسینت و پیترۆلیۆمی ئیماراتی. ئەم کۆمپانیایە توانایەکی مرۆیی گەورەی لە هەناوی خۆیدا هەیە، ساڵی (٢٠٠٥) دامەزراوە لەلایەن (٣٠٠) کەسی شارەزاو سەرمایەداری خەلیجیەوە، کەچی لەساڵی (٢٠٠٩) دا هەوڵیانداوە گێچەڵ بە حکومەتی هەرێم دا بکەن، کە حکومەت پارەیان ناداتێ، ساڵی (٢٠١٣) ئەم کۆمپانیا هاوبەشانە لە دادگای لەندەن سکالایەکیان لەدژی حکومەتی هەرێك تۆمارکردەوە، لە (٢٠١٧/٥/٢٢) داناغاز بەیاننامەیەکی بلاوکردەوە، کە دادگا هەرێم ناچارئەکا لەماوەی (١٤) ڕۆژدا بڕی (١٠٠) ملیۆن دۆلار بداتە کۆمپانیاکەیان [٦].

بە ئیمزاکردنی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای ڕووس نەفت بۆ بازاڕیکردن و بەرهەمهێنانی پیترۆڵ، لە (شوبات بۆ حوزەیرانی ٢٠١٧) هەرێمی کوردستان بوو بە خاوەنی (٥٣) پەنجاو سێ گرێبەستی بەشداری و بەرهەمهێنان ، لەگەڵ (٢٨) کۆمپانیای بیانی لە (٢٧) دەوڵەتی جیاواز. ئەوەی ڕووس نەفت لە داناغاز جیا ئەکاتەوە، سروشتی گرێبەستەکەیانە، ئەوەی یەکەمیان " بەشداری وەبەرهێنان-PSC"ە، لەکاتی ئیمزاکردنی گرێبەستەکەوە، توانای هەیە (٧٠٠٠٠٠) حەوتسەت هەزار/ بەرمیل هەناردەبکات، ئەوەی دووەمیان گرێبەستە لە شێوازی خزمەت و خزمەتگوزاری، تیایدا هەرێم خاوەندارێتی لەهەموو پرۆسەکە ئەکات، ئەم کۆمپانیایانە خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکانی ئەنجام ئەدەن، جگە لەوەش لە پرسی " ڕووس نەفت" دا ڕەهەندی سیاسی هەیە، هەر بەتەنها دیاردەیەکی ئابوریی نییە.

" ماوەیەکی زۆرە ڕووسەکان و، ناوەندە ئاکادیمیەکانیان، باسی ناوچەی ئۆراسیاو، جیۆپۆلەتیك و، جیۆپۆڵەتیکی ووزەو، بۆڕی غازی سروشتی ئەکەن، خوویان داوە بە دەرەوەی خۆیان و، پشتگوێخستنی ناوەوە، کەمتر باسی دەوڵەتی هاولاتی و، چارەسەرکردنی گەندەڵی ئەکەن، ئێ حکومەتی هەرێمیش هەروایە و، ئەشێت ئەمەش هەر خاڵی بەهێزی لەیەکچوون و بەیەکگەیشتن یان بێت".

## تەوەری سێهەم: جیۆپۆڵەتیکی نوێی ووزە

جیۆپۆڵەتیك (Geopolitic) یانی جەنگێك لە پێناو فەزاو دەستەڵاتدا، کە لە هەلومەرجێکی جوگرافی دیاریکراودا ڕۆڵی خۆی ئەبینێت، هەروەك جیۆپۆڵەتیکی سەربازیی، جیۆپۆڵەتیکی دیبلۆماسیی، جیۆپۆڵەتیکی ئابوریی، هەیە، هەر بەوجۆرەش جیۆپۆڵەتیکی ووزە (The Geopolitics of Energy) هەیە، بەڵاّم لەبارەی سەرچاوە سروشتییەکان و ڕێگای بازرگانیانەوە، گواستنەوەیان لەسەرچاوەوە بۆ بەکاربەرەکان ئەمە کرۆکی توێژینەوە جوگرافییەکانە، بۆیە هەموو سیستەمە نێودەوڵەتیەکان لە سەرەتای مێژووی نوێداو لە مێژووی مۆدێرن بەگشتی خۆیان بەستووە بە سەرچاوەکانی ووزەوە، ئەو کاتەی سەدەی خەڵووز و هەڵم بو، ئەوە بریتی بو لە باکگراوەندی ئیمپراتۆریەتی بەریتانی لەسەدەی هەژدەو نۆزدەدا، لەکۆتایی سەدەی نۆزدەو هەتا کۆتایی سەدەی بیست باکگراوەندی ئیمپراتۆریەتی ئەمریکی بریتی بووە لە نەوت، لەسەرەتای سەدەی بیستویەکیشەوە، تا دێت گرنگی غازی سروشتی دەست پیێ ئەکات، ئەکسۆن مۆبیل-ExxonMobil لەڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا لە (٢٠١٦) دا وای بینیوە، کە لەمەولا ساڵانە ڕێژەی "خواست" لەسەر غازی سروشتی زیاد بکات بە بڕی (١,٦٪) لەبەرانبەردا خواست لەسەر نەوت بە بڕی (٠,٨٪) زیاد ئەکا، بەجۆرێك کە تا کۆتایی (٢٠٤٠) خواست لەسەر خەڵوز و نەوت نەمێنێت [٧]. بۆیە سەدەی غازی سروشتی ئەشێت وا لە ویلایەتە یەکگرتوەکان بکات بە فۆرمێکی جیۆ-سیاسیی یەوە بێتەوە پێشەنگایەتی جیهان بکات لە سەدەیەکی نوێدا. لێرەدا بەگشتی مەبەست لە "جیۆپۆڵەتیکی ووزە" زیاتر بریتی یە لە دۆزینەوەی غازی سروشتی و هەناردەکردنی لەڕێگەی هێڵە ستراتیجیەکانەوە.

ئەو پرسیارەی ئەشێت، لەم تەوەرەدا سۆراخ بکرێت ئەوەیە، ئایا گرێبەستە نەوتییەکان نابنە هۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان لەسەر نەخشەی ووزە ڕۆڵێکی ئەوتۆ نەگێڕێت..؟. یان ڕۆشنتر لەمە: ئایا گرێبەستەکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ ڕووسیا بە خواستی تورکیایە؟. بەڵێ؟. چۆن ؟.نەخێر، چۆن.؟.

بۆ وەڵاّمدانەوەی ئەم پرسیارە، لەلایەك ئەبێت لە نێوەندی جەمسەرگیریی سیاسیی هەرێمایەتی ئێران و ڕووسیاو سوریا (بەشێکی گرنگ لەعێراق) بەرانبەر هەژمونی ئەمریکاو خۆرئاوا کنە بکەین، چونکە ئێران لە زۆر ڕووەوە عێراقی بەستووە بەخۆیەوە، لەلایەك بەپێی وەزارەتی نەوتی عێراق بۆ دابین کردنی کارەبای بەغداد لە ڕووی تەکنیکەوە ئامادەکاری کردووە هێڵێکی غازی لە ئێرانەوە بۆ عێراق بە (٣٠٠) کیلۆمەتر کە تێچووەکەی (٦٠٠) ملیۆن دۆلار ئەبێت تەواو بکات، ئینجا هێڵی بۆڕی کەرکوك- کرماشان یش چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

لەلایەکی ترەوە، ئەبێت تورکیا وەك یونتێك كە تینووی ووزەیە شرۆڤە بكرێت، پاشان هەریەكە لە كوتلەكانی ووزە لە: دەریای ناوەڕاست "قوبرس و ئیسرائیل"، حەوزەی قەزوین، كەنداوی عەرەبی. شرۆڤە بكەین، ئینجا وێنەی هەرێمی كوردستان و شوێنەكەی دەرئەكەوێ:

## تەوەری چوارەم پڕکردنەوەی پێداویستیە پیترۆڵیەكانی توركیا

ڕۆژنامەی "زەمان"ی توركی لە (٢٢ی حوزەیرانی ٢٠١٦) دا بلاۆی كردۆتەوە، ئەو ووزەیەی توركیا پێویستی پێیەتی لەناوخۆدا تەنها (١/٤) واتە (٢٥٪) ی لەناوەوە بەرهەم ئەهێنێت، (٧٥٪) ی لە دەرەوە هاوردە ئەكات، سالآنە بە نزیكەیی توركیا پێویستی بە (٥٠) ملیار/ مەتر سێجا غازی سروشتی هەیە، بەمەش دوای چین و ئەڵمانیا توركیا بە سێهەم وولاّتی هاوردەكاری غازی سروشتی دائەنرێت، ڕووسیا سەرچاوەی یەكەمی غازی سروشتییە بۆ توركیا كە (٥٨٪) ی پێداویستیەكانی غازی سروشتی توركیا ڕووسیا پڕی ئەكاتەوە، دوای ئەویش توركیا (١٩٪) ی غازی سروشتی خۆی لە ئێران و (٩٪) ی لە عێراق "هەرێمی كوردستان" و، پاشان (٩٪) لە جەزائیر و (٣٪) ی لە نەیجیریاوە هاوردەئەكات، لە (٢٠١٥) و (٢٠١٦) دا سالآنە توركیا بایی (٦٠) ملیار دۆلار غازی سروشتی كڕیوە[٨].

لەساڵی (٢٠١٤) دا، لە میانەی سەردانێكی سەرۆكوەزیرانی توركیا "ڕەجەب تەیب ئەردۆگان" بۆ دەوحەی پاتەختی قەتەر، لەگەڵ میر " تەمیمی بن محەمەد" ڕێككەوتن سالآنە توركیا (١,٢) یەك ملیارو دووسەت مەتر سێجا غازی قەتەری هاوردە بكات. لەگەڵ ئەو بڕەی لە هەرێمی كوردستانی وەرئەگرێت، پاشان ئەو (٥٨٪) ەی پێداویستی غازی سروشتی كە لە ڕووسیاوە بۆ توركیا دێت، كۆی گشتی بكاتە ئەوەی توركیا پێویستی بە كوتلە غازییەكەی دەریای ناوەڕاست نەبێت، كە ڕاستەوخۆ ئەمریكاو ئیسرائیل سەركردایەتی ئەكەن، میسر و قوبرس تیایدا بەشدارن و، لەژێر ئاودا غازی سروشتیان دۆزیوەتەوە. ئایا توركیا ئەتوانێت (٧١) حەفتاو یەك ساڵ لە هاوپەیمانێتی فەرمی ویلایەتە یەكگرتوەكان، ڕووی خۆی وەربگێڕێت؟.

## تەوەری پێنجەم دەریای ناوەڕاست: دۆزینەوەی غازی سروشتی لە قووڵایی دەریادا " شۆڕشێك لە بواری ووزەدا".

ئیسرائیل، لەساڵی (١٩٥٨) ەوە هەتا (٢٠٠٩) لە كەنارە ئاوییەكانی دەریای ناوەڕاست، لە قووڵایی دەریا، لە دەوروبەری حەیفا، بەدوای نەوت و غازی سروشتیدا ئەگەڕێن، لە (١٩٥٨) لە بیابانی زیفە (٢) ملیار مەتر غازی سروشتی یان دۆزییەوە لە كێڵگەی "زوهر"، ئەمە هیچی وا نەبوو، ساڵی (١٩٩٩-٢٠٠٠) دوای وچانێكی زۆر لە

هەردوو کێڵگەی (نوعاو میری) لە دەریای ناوەڕاست لە بەرانبەر عەسقەلان بڕی (٤٥) ملیار مەتر سێجا غازی سروشتیان دۆزییەوە، هێشتا ئەم وولاتە پیشەسازییە، سەربازییە، تەکنەلۆژییە، زۆر تینووە بە ووزە، تەنانەت بۆ ئەوەی کە یەکەمین ولاتی کشتوکاڵیە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، ئیسرائیل نەك نەوت و غازی سروشتی ئەکڕی، بەڵکو لەسالانی نەوەتەکاندا چەندین هێڵی بۆڕی هەبو، ئاوی لە تورکیا ئەکڕی، ساڵی (٢٠٠٩) بە بەکارهێنانی پێشکەوتوترین تەکنۆلۆژیاو تەکنیك ئیسرائیل توانی لە کێڵگەی (تیمار و تیمار دروم) لە باکوری خۆرئاوای حەیفا (٣٠٧) ملیار مەترسێجا غازی دیکەی بدۆزێتەوە بە قووڵی (١٧٥٠) مەتر لەژێر ئاودا. کۆتایی ساڵی (٢٠١٠) بەهاری عەرەبی ڕوویدا، ئیسرائیل کێڵگەیەکی تری گەورەی دۆزییەوە بەناوی (لیڤاسان-Levathan) کە یەدەگی غاز تیایدا (٦٢٢) ملیار مەتر سێجایە، لێرەو لەوێش وەکو کێڵگەکانی (کریش و تنین دلیت) هەندێ بڕی دیکە دۆزرانەوە، بەمە ئیسرائیل بۆ (٥٠) ساڵ پرۆژەی تۆڕباین و کارەبای خۆی لەسەر ئەم یەدەگە مسۆگەر کرد. کە کۆی یەدەگی غازی ئیسرائیلی ئەکاتە (١,٠٧١) یەك تریلیۆن و حەفتاو یەك ملیار مەتر/سێجا[٩]. (بڕواننە دیمەنی دۆزینەوەی غازی سروشتی لە قوولایی دەریادا).



هەر لەگەڵ ئیسرائیل دا، قوبرس ( قوبرسی یۆنان بەشە باشورییەکەی) لە (٢٠٠٩ هەتا ٢٠١٣) سەرقاڵی گەڕان و دۆزینەوە بوو، بە بەشداری چەندین کۆمپانیای فرە ڕەگەز، لە کۆتایی (٢٠١٣) کۆمپانیای جی ئارِ کێڵگەی

(ئەفرودیت- Aphrodit) ی دۆزییەوە لە کەنارە ئاوییەکانی خۆی، کە بەرانبەر کێڵگەکانی ئیسرائیلە. پاشان میسریش دەستی پێکرد. لە (٢٠١٤ەوە هەتا ٢٠١٦) ڕێککەوتن و کۆبونەوەی سێ قۆڵی لەسەر ئاستی لوتکە لە نێوان (قوبرس- یۆنان- ئیسرائیل) بەردەوامە، تورکیا ڕەتی کردەوە دان بە دۆزینەوەی غاز و ئەم ڕێککەوتنە سێ قۆڵییەدا بنات، چونکە دۆزینەوەی غازی سروشتی پەیوەندی نییە بە (قوبرسی تورکییەوە).

کاتێکیش لە شوباتی (٢٠١٦) تورکیاو ئیسرائیل پەیوەندییەکانیان ئاسایی کردەوە، یەکەمین بەندی ڕێککەوتنەوەی نێوانیان ئەوەبو کە: ئیسرائیل غازی سروشتی بە تورکیا بفرۆشێت!. ئێستا ئیسرائیل بۆتە وولاتێك، ئیتر نەوت و غازی سروشتی ناکڕێت، ئیتر ڕاڕا نییە گۆشەگیر بکرێت، بەلاَم زەمەنی دوای ئاسایی بونەوەی پەیوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیل (کە لە ٢٠١٠ەوە لەسەردەستی ئەردۆگان پەکخرابو) دەریخست نە تورکیا لە ئیسرائیل دڵنیایەو، نە ئیسرائیلیش متمانەی بە تورکیایەکە لەسەردەمی ئاکپارتی دا، وە نە (قوبرس) یش ڕێگە ئەدا بەخاك و سنوری ئەودا غازی سروشتی ببرێت بۆ تورکیا.!. ئینجا لەسەرووی ئەمەشەوە، لەدوای هاتنی دەوڵەتی ئیسلامیەوە بۆ عێراق و سوریا، هەریەکە لە ئەوروپا، ئەمریکا چاویان لەوەیە: قەتەر، ئێران، هەرێمی کوردستان، بۆڕی و هێڵەکانی خۆیان بگەیەننە دەریای ناوەڕاست و کۆنێکتی بکەن بەدەم ئەوەی ئیسرائیل و قوبرسەوە[١٠].

خۆرئاوا، کاری بۆ ئەوە کردووە کە کوتلەی دەریای ناوەڕاست دەوڵەمەندتر بکات و، هێزی دیکەی بۆ پەیدا بکات، ئێران هەوڵ ئەدات بەردەوام گرفت بۆ کوتلەی کەنداو دروست بکات، لەڕێگەی دەست بەسەراگرتنی گەرووی هورمزەوە، ڕووسیا هەوڵی کۆنترۆڵکردنی کوتلەی قەزوین ( کازاخستان، تورکمانستان، ئازەربایجان) ئەدات تاوەکو لە ڕێگەی هێڵە تازەکانی وەك (تورك ستریم) ەوە بازاڕی ووزەی ئەوروپا قۆرخ بکات.

**گریانەی ئەم تەوەرە، ئەوەیە: ئەگەری گۆڕینی ڕێڕەوی هێڵی ووزەی کوردستانە، کە پێشوو تر ڕووەو دەریای ناوەڕاست بو، لەدوای ڕێککەوتن لەگەڵ کۆمپانیای ڕووس نەفت، ئەم ئاڕاستەیە ڕووەو دەریای ڕەش بڕوات!. ئەگەر ئەمە ڕوویدات، لایەکی هەرێمی کوردستان ئارامی لەدەست ئەدات.**

## تەوەری شەشەم: پەیوەندییەکانی سعودییەو ئەمریکا " گوزەرێکی مێژوویی"

مێژووی پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان و سعودییە، ئەگەڕێتەوە بۆ میانەی دووەم جەنگی جیهانی و، لە ساڵی (١٩٤٠) ئەمریکا بە فەرمی دانی ناوە بە سعودییەدا، ساڵی (١٩٤٣) فرانکلین رۆزفێلت ی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکان ووتی " بەرگری لە سعودییە بە بەرگریی لە ویلایەتە یەکگرتوەکان هەژمار ئەکرێت". واتە

سعودییە لە بەشێکە لەستراتیجەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، ساڵی (١٩٩٠) یش لە سەروبەندی جەنگی کەنداودا، سعودیە هاوکاری ئەمریکا بو بۆ دەرکردنی هێزە کانی عێراق لە کوەیت.

**پرسیاری ئەم تەوەرە، ئەوەیە: بۆچی شانشینی عەرەبی سعودییە بەشێکی گرنگ و جێگیرە لە ستراتیجیەتی ئەمریکا؟.**

**یەکەم:** ساڵی (١٩٣٢) کۆمپانیای "سوکال" ی سعودیی دروست بو، بۆ بەرهەمهێنانی نەوت، ساڵی (١٩٣٣) کۆمپانیای عەرەبی- ئەمریکی بۆ نەوت دروستبو، ناوی نرا ئارامکۆ ( **Ar**abian-**Am**erican Oil **Co**mpany)، سەرەتا نەیئەتوانی (٤٥) ملیۆن بەرمیل زیاتر بەرهەم بهێنێت، دواتر کە بوون بە بەشێك لە پرۆژەی ئەمریکی، ساڵی (٢٠١٥) سەرمایەی کۆمپانیای ناوبراو گەیشتە (١٠) دە تریلیۆن دۆلار. ساڵی (٢٠١٦) سعودییە ڕۆژانە (١٠,٦٧) دە ملیۆن شەست و حەوت هەزار بەرمیل نەوتی لەهەر ڕۆژێکدا بەرهەم هێناوە. بەم شێوەیە سعودییە لە ئۆپیك و ئەمریکا وەك زلهێزێکی گەردونی، پێکەوە دەستیان هەیە لە دیاریکردنی نرخی نەوت دا، لە بەهای دۆلاردا [11].

دووەم: سعودییە لەسەردەمی جەنگی سارددا، بۆ بەگژاچونەوەی فیکری شیوعییەت و ئایدۆلۆژیای سۆڤێتی، ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی و، ئەبینێت.

سێهەم: سعودییە وەك یەکەکەیەکی هەرێمی سوننە بۆ بەگژاچونەوەی هەژموونی ئێران و شیعەگەرێتی لەدوای ڕوخانی شا لە ئێران (١٩٧٨) ەوە تا (٢٠١٧).

چوارەم: سعودییە باشە بۆ پاراستنی بالأنسی هێز لە ڕۆژهەلأتی ناوەڕاست و، سەلامەتی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا وەکو " ئیسرائیل، تورکیا، ئیماراتی یەکگرتوو، کوەیت". هەروەها سعودییە پێگەیەکی ستراتیژیی هەیە لە سەر دەریای سوور و لە کەنداوی عەرەبی.

لە (تشرینی یەکەمی ٢٠١٠) دا، وەزارەتی دەرەوە و کۆنگرێس بڕیاریاندا، کە گەورەترین بۆندی فرۆشتنی چەك لە مێژووی ئەمریکادا لەگەڵ سعودییە ئیمزابکەن، کە بایی (٦٠) ملیار دۆلار بو، لە (ئازاری ٢٠١٥) دا سەرۆکی پێشوی ویلایەتە یەکگرتوەکان " باراك ئۆباما" فەرمانی دا هاوکاری هەواڵگریی و لۆجستی و سەربازیی سعودییە بکەن تا لەیەمەن دژی گروپە شیعیەکان و میلیشیاکان بجەنگن، هەرچەندە ئەم پەیوەندییە ڕاڕاییەکی تێکەوت، بەهۆی ئەوەی ئۆباما ڕێککەوتنی لەگەڵ ئێران کرد، سەبارەت بە پرسی چەکە ئەتۆمییەکان و پیتاندنی یۆرانیۆم [12].

سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا "دونالد ترامپ"، لە میانەی چاوپێکەوتنێکی دا لەگەڵ ئاژانسی " ڕۆیتەرز" ئەڵێت" سعودییە بە یەکسانی مامەڵە ناکات لە پەیوەندییەکانماندا، بۆیە ئەمریکا خەسارەتی داوە لە

بەرگریی کردن لە سعودییە". لە (٢٠ی ئایاری ٢٠١٧) بۆ یەکەمجار " ترامپ" لە پێوەند بە بەشداری کردنی لە لوتکەی عەرەبی- ئیسلامی دا، لە " ریاز" گەورەترین گرێبەستی ئیمزاکرد کە گوژمەکەی بریتی یە لە فرۆشتنی چەك بە بەهای (٣٥٠) ملیار دۆلاری ئەمریکی.



لەسەردانەکەدا وەزیری دەرەوەی ئەمریکا " ڕێکس تیلەرسن" گوتی: " فرۆشتنی چەك بە سعودییە بریتی یە لە بیناکردنی هاوپەیمانێکی بەهێز بۆ بەگژاچونەوەی تیرۆر، بەتایبەتی بە گژاچونەوەی هەڕەشەکانی ئێران لەسەر کەنداوی عەرەبی". لەم سەردانەدا ئەوەندەی باسی ئێران کرا، هێندە باسی داعش و گروپە تیرۆریستیەکانی تر نە کرا!.

**پرسیاری ئەم تەوەرە، ئەوەیە: لە ئایندەدا سعودییەو ئەمریکا چ رۆڵێك ئەبینن؟.**

## تەوەری حەوتەم: هەڕەشەکانی سەر ئێران " ڕەهەندو لێکەوتەکانی"

بە شێوەیەکی بەردەوام، ئێران و سعودییە نماینەدەی ململانێیەکی خوێناوی مێژووین و، یەکەمیان شەڕی چەسپاندنی پرەنسیپەکانی شیعەگەری وەك فەرهەنگ ئەدات و، هەوڵ ئەدات هەناردەی بکات بۆ دەرەوەی خۆی، دووەمیشیان بە پشتیوانی بەریتانیاو ئەمریکا هەوڵی سەرکردایەتیکردنی سوونەگەریی ئەکات لە جیهانی

عەرەبی دا. بۆیە لەدوای بەهاری عەرەبییەوە، ئەبینین ئێران و سعودییە لە سوریا، لە یەمەن، لە کەنداوی عەرەبی، لە عێراق، بەریەك ئەکەون.

لە (١ی کانونی دووەمی ٢٠١٦) وەزارەتی ناوخۆی سعودییە، ڕایگەیاند، (٤٧) تیرۆریستی لە سێدارە داوە، کە لەناویاندا زانای ئاینی شیعی سعودی " باقر نمر" هەیە، وەك کاردانەوەیەکی نارەزایی خۆپیشاندەرانی ئێرانی لە "تاران" ی پایتەخت، هەڵیانکوتایە سەر باڵوێزخانەی سعودییە لەو وولاتەو، سوتاندیان. لەبەرانبەر ئەو کارەدا (٥) دەوڵەتەکەی کەنداو، نوێنەرەکانی خۆیان لە ئێران کشاندەوە، جگە لە قەتەر و کوەیت، تەنها باڵوێزی ئێران یان لە ولاتەکەیان بانگهێشت کردو، نارەزایی خۆیان پێگەیاندن لە بەرانبەر ئەو کارە[١٣].

یەکێکی تر، لە فاکتەرە کاریگەرەکانی ململانێی (ئێرانی- عەرەبی- ئەمریکی) بریتی یە لە هەژمونی ئێران بەسەر " گەرووی هورمز" دا، مێژووی ئەم مەترسییەش ئەگەڕێتەوە بۆ دەرئەنجامەکانی شۆڕشی کۆماری ئیسلامی ئێران لەساڵی (١٩٧٩) کە هەموو هاوکێشەو نیازەکانی خۆرئاواو جیهانی عەرەبی تێك و پێکداو، بووە خاڵی وەرچەرخانێکی گەورە لە پەیوەندییە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکاندا. ئەم تەنگەبەرە (گەرووی هورمز) ئاوەکانی کەنداو بە کەنداوی عومان ەوە ئەبەستێت، ئەمیشیان ئەگەیەنێت بە ئۆقیانووسی هیندی، بۆیە بایەخی گەورەی ستراتیژی هەیە لە گواستنەوەی شمەك و کالاَ جۆربەجۆرەکاندا، تەنانەت لەسەر خودی ناو هێنانەکەش بەلای عەرەبەوە " کەنداوی عەرەبی" و بەلای ئێرانەوە " کەنداوی فارس"ە، لەسەردەمی عوسمانییەکاندا پێی وتراوە " کەنداوی بەسرە".

گەرووی هورمز، مەمەڕێکی جیهانی ئاوییە، ئێران لەسەروبەندی ململانێکانی دا، بەپێی بلاوکراوەی ئاژانسی "فارس" لە (٢ی کانونی یەکەمی ٢٠١٦) دا، بە تەواوی دەستی بەسەرداگرتووە، ئەم ڕێڕەوە (٤٠٪) ی نەوتی دونیای پێدا تێ ئەپەڕێت، ئێران ئەکەوێتە باکورو ڕۆژهەلاتی گەرووە کەوە (واتە گەرووی هورمز لە باشوری ئێرانە)، تاکە دەرچەو دەرگای بازرگانی و ستراتیژیی " ئێران- بەحرەین- کوەیت- ئیماراتی یەکگرتوو- قەتەر- عێراقە". ڕۆژانە (٢٠-٣٠) بارهەڵگری گەورەی نەوتی پیادا ئەڕوات، باشوری ئاسیا بەگشتی لە " مالیزیاو ئیندۆنیزیا وە تا دێتەوە " یابان و چین" گەورەترین کڕیار و هاوردەکاری نەوت و غازی سروشتی یە لە ڕێگەی ئەم تەنگەبەرە ئاوییەوە، ئەگەر داخرێت ئەوا جیهان بێ بەش ئەبێت لە تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو. عێراق (٩٨٪) ی نەوتی خۆی و سعودییە (٨٨٪) و ئیمارات (٩٩٪) ی لە ڕێگەی ئەم تەنگەبەرە ئاوییەوە هەناردە ئەکات[١٤].

بۆیە دەست بەسەراگرتنی بەو شێوەیە لەلایەن ئێرانەوە، ئاماژەیەکە بەوەی کە ئێران ئامادەگی سەربازیی و سیاسیی لەم ناوچانە هەیەو، ڕاستەوخۆ ئەمریکاو سعودییە ئەخاتە بەر بژاردەی ئەوەی بەرێگەی سەربازیی وەلامی بدەنەوە. ئایا ئێران توانای بەڕێوەبردنی ئەم جەنگەی ئەبێت؟.

## تەوەری هەشتەم: گۆڕانکاریی لە عێراق و هەرێمی کوردستان.

پاڵپشتی کردن و، هاوپەیمانێتی وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکا، بۆ وولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، بریتی نییە، لە گەشەپێدانی دیموکراسیەت و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و، فراوانکردنی مەوداکانی ئازادی، دامەزرێنەری دەوڵەتی سعودییە (٥١) پەنجاو یەك ساڵ لەسەر کورسی دەستەلات بو، میر و ئومەراکانی ولاتانی کەنداو، هەموویان سی ساڵ و، چل ساڵ لەسەر کورسی فەرمانڕەوایی ماونەتەوەو، ئەمریکیەکان و ئەورۆپیەکانیش هەمیشە هاوپەیمانیانن، بەڵکو لێرەدا ئەوەی گرنگە بریتی یە لە:

*پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی ئەوروپاو ئەمریکا

* مسۆگەرکردنی بەرژەوەندیی ئابوریی.

هیچ یەکەیەکی خۆرئاوایی، پاڵپشتی سەربازیی و سیاسیی و دارایی هیچ شوێنێکی خۆرهەلات ناکات بۆ ئەو دوو مەبەستە نەبێت، عێراق (بە هەرێمی کوردستانیشەوە) بەشێکە لەو سیستمە دەستەلاتگەرایی (ئۆتۆریتاریزم) ەی کە لەناوچەکەدا هەیە. لە (٢٠١٣ ەوە تا ٢٠١٨) ئەوە (١٤) چواردە ساڵە ئەمریکا عێراقی داگیرکردووە، بەپێی ئامارەکانی یونامی (١,٤٥٥,٥٩٠) یەك ملیۆن و چوارسەت و پەنجاو پێنج هەزارو پێنج سەت و نەوەت کەس گیانیان لەدەستداوە، تێچووی ئەم جەنگ لە عێراق لە (٢٠٠٣ ەوە بۆ ٢٠١٥) گەیشتووە بە (تریلیۆن و ٧٥٠ ملیار و ٨٥٦ ملیۆن دۆلار). لە دەوروبەریش زیانەکانی نیشتیمانی عەرەبی تەنها لەدوای بەهاری عەرەبی ساڵی (٢٠١١) ەوە هەتا (ئایاری ٢٠١٧) گەیشتوە بە (٨٣٠) ملیار دۆلار[١٥]. بە مەرجێك لە یەمەن عەرەب- عەرەب ئەکوژێ، لە سوریا عەرەب — عەرەب ئەکوژێ، لە عێراق عەرەب- عەرەب ئەکوژێ، لە لیبیا عەرەب- عەرەب ئەکوژێ، لە کەنداوی عەرەب ئەگەر هەیە لە جیهانێکدا کە "ترامپ" سەرۆکی بێت، دیسان هێرش بکرێتە سەر "قەتەر" و عەرەب- عەرەب بکوژێ.

ئێرانیەکان لە عێراق، بە (٣) سێ قۆناغ حەشدی شەعبی یان دروستکرد، قۆناغی یەکەم، کەرەستەکان و شەڕکەرەکانیان هێنا، قۆناغی دووەم، لەپەرلەماندا بە یاسا ئەم هێزە میلیشیایە ناونرا بە بەشێك لە سیستەمی بەرگری عێراق، قۆناغی سێهەم، پڕ چەکیان ئەکەن، لە قۆناغی چوارەمدا، شەڕی دەستکەوتە سیاسییەکانی خۆیانی پێ ئەکەن. لەدیالەوە تا موسڵ بەهێڵێك ئەم هێزە شیعیە ئایدۆلۆژییە درێژبۆتەوە، بەرگری لە هەژموونی ئێرانی ئەکات. وەك بینرا لە کەرکوك حکومەتی عێراقی شەڕی دەستکەوتە ئابوریی و سیاسییەکانی خۆی لە (١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧) بە حەشدی شەعبی کرد.

ئەمریکیەکان، بڕیاریاندا، بگەڕێنەوە عێراق، بەلاّم ئەمجارە وەکو "ئینتیداب" ی سەدەی بیست، هەموو شت ئەخەنە ژێر ڕکێف و بڕیاری خۆیانەوە.

پرسیاری ئەم تەوەرە، ئەوەیە: سیناریۆکانی دوای گەڕانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ عێراق چی ئەبن؟. کاریگەریی ئەم گۆڕانکارییە هەرێمایەتیانە لەسەر کوردستان چۆن ئەبێت؟.

## سەرئەنجام:

### یەکەم: سیناریۆکانی بەردەم ئایندەی هەرێمی کوردستان.

بەدرێژایی بەدواداچونەکانی ئەم هەوڵە ئەکادیمیە، کە شیکاری بۆ سەرجەم پرسیارو گریمانەکانی کردووە، سێ سیناریۆ لە بەردەم ئایندەی هەرێمی کوردستان دا، دەست نیشان ئەکات:

**یەکەم:** ئێران تا دێت عێراق وابەستەی خۆی ئەکات، بەپێی ڕاپۆرتێکی سەنتەری بەیان (کە بارەگاکەی لە بەغدایە) کارەبای بەغداد تاران دابینی ئەکات، بەهێڵێکی غازی نوێ کە درێژییەکەی (٦٠٠) کم و تێچووەکەی (٣٠٠) ملیۆن دۆلارە، ئەوە لەکاتێکدا هێڵی تازەی کەرکوك- کرماشان دیزاینەکەی تەواو بووەو نەوتی کەرکوك و نەفتخانەی دیالەی لێوە ڕەوانەی ئێران ئەکرێت[١٦] ئاماژەکانی بەردەم ئیحتیواکردن (دەوردان) ی ئێران، نزیکبۆتەوە، نزیکبۆتەوە لە بەیەکداکێشانی سەربازیی، بۆیە هەر گۆڕانکارییەك لە ئێران ڕاستەوخۆ گۆڕانکارییە لە هەرێمی کوردستانی عێراق کە زیاتر لە (١٠٠٠) کیلۆمەتر سنوری جوگرافییان هەیە. گۆڕانکارییەکە بەم فۆڕمە ئەبێت:

- سعودییە و میسر و ئیمارات، سزای توندی قەتەر بدەن، ئێرانیش تۆڵەی قەتەر لە هەرێمی کوردستان بکاتەوە وەك هاوپەیمانێکی سعودییەو ئەمریکیەکان.
- ئێران ناوچەی سولەیمانی – کەرکوك- دووز- دیالە، ئەکات بە ماعەسکەرێکی سەربازیی بۆخۆی، ئەمریکیەکانیش ئەگەڕێنەوە عێراق، هێزی دیکەی سوونەی توندڕەو دروست ئەبن (چونکە سوونە سەری خۆی لەدەستداوە بەدوایدا ئەگەڕێ). بەمشێوەیە نیوەی زیاتری هەرێمی کوردستان ئەبێتە گۆڕەپانی جەنگ. بەتایبەتی کەرکوك بەهۆی کەمتەرخەمی و گەندەڵی بەرپرسە کوردییەکان و، تەشەنەکردنی حەشدی شەعبی و، پیلانەکانی تورکیاوە، خەرمانێکە لە پووشی ووشك، زوو ئاگری تێبەر ئەبێت. لەبەرئەوەی هێزە کوردییەکان پلانیان نەبو بۆ شەنگال، " کۆجۆ" لە داعش سەندرایەوە و کەوتە دەستی حەشدی شەعبی، هەمان ئەگەر لەکەرکوك سێ بارە بۆیەوەو کەوتە دەست سوپای عێراق.

**دووەم:** لە بەرئەوەی لەدوای کۆچی دوایی جەلال تاڵەبانی " سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان" و کۆچی دوایی ڕێکخەری گشتی بزوتنەوەی گۆڕان " نەوشیروان موستەفا"، ناوچەی سولەیمانی ناوەندی بڕیار و بڕیاردەری سیاسیی بەتەواوی لەدەستداوە، ئەمریکیەکان، ئێرانییەکان، ئۆروپیەکان، لایەنە عێراقییەکان، نازانن لەگەڵ کێ مامەڵە بکەن، بەتایبەت لەسەر پرسی کەرکوك، خێرا ئەمریکیەکان هێزێکی سیاسیی تازە

لەناوچەی سولەیمانی دروست بکەن، یاخود پشتگیریی سەرکردەیەکی دیبلۆماسیی کوردی نزیك لەخۆیان بکەن، تا ببێتە ڕابەری ئەم ناوچەیە.

**سێهەم:** قۆناغی دوای شەڕی سەربازیی لەگەڵ داعش، "موسڵ" ئەکرێت بەناوچەیەکی ئارام، لەگەڵ ئەوەدا زلهێزەکان و، کۆمپانیا فرە ڕەگەزە نێودەوڵەتییەکانیش، کە بەرژەوەندیی گەورەیان لە خاکی هەرێمی کوردستان هەیە، پشتگیر ئەبن لەم قۆناغەدا ڕەوشی هەرێمی کوردستان تێك نەچێت لەبەر بەرژەوەندییەکانیان، سەربەخۆیی سیاسیی و " دەوڵەتی کوردستان" ڕائەگەیەندرێت، گرنگی ئەمەش وەك بەربەستێکە لەنێوان سوونەو شیعەدا، وەك هێڵی پێشەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆرئاوا ئەبێت، ئەگەر دیبلۆماسیەتێکی بەهێزیش لەگەڵ ئێران پیادە بکرێت کە سنورەکانی پارێزراو ئەبن، ئەوا ئەم ئەگەرە مسۆگەرتر ئەبێت.

## دووەم: کەرتی ووزە لە هەرێمی کوردستان.

ئایندەی پیشەسازیی هایدرۆکاربۆناتەکانی هەرێمی کوردستان، بەستراوە بە تواناکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، تا چەند ئەتوانێت گرفتە سیاسیی و ناوخۆییەکانی تێپەڕێنێت. هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی دەوڵەت نییە، کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان و مینا کانی کڕینی نەوت، بەشێوەیەکی هەرزانتر مامەڵەی لەگەڵ ئەکەن، ئۆکسفۆرد بۆ توێژینەوە، لە ڕاپۆرتێکیدا سەبارەت بە نەوت و غازی سروشتی هەرێمی کوردستان لایوایە: "دامودەستگەی نیشتیمانی لەکەرتی ووزەدا، تەنها لەسەر کاغەز هەیە"(١٨). بۆیە کۆمپانیاکانی کە هەرێمی کوردستان گرێبەستی لەگەڵ کردوون، لە ولاتەکانی خۆیاندا تۆکمەو دامەزراوترن، لەهەمان کاتدا کوالێتی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان پێویستی بە پێداچونەوەی زیاترە، تا ئەگەرەکان، بژاردەکان، ڕێگاکانی ڕووبەڕووبونەوەی مەترسییەکانی، بەردەم ئایندەی دەست نیشان بکرێت.

هێڵی ووزەی کوردستان، تەنها بابەتێکی ئابوریی نییە، بەڵکو سیاسییەو ڕەهەندی هەرێمایەتی و، بلۆکبەندی جیهانی هەیە، بڕیاردان لەسەر فەرامۆشکردنی کوتلەکانی دەریای ناوەڕاست و، ڕووکردنە ڕووسیاو هێڵەکانی ووزەی تورکیا، بەرپرسیارێتیەکە پێویستی بە ربڕیاردەرو ناوەندی بیرکردنەوەی بەهێز هەیە.

# بیبلۆگرافیا


(1). Ministry of Natural Resources. See here http://mnr.krg.org/index.php/en

(٢). عين العراق نيوز (٢٠١٧): بالٲرقام.. الماليه النيابيه تكشف ديون العراق الخارجيه والداخليه. الخميس ٣٠ مارس ٢٠١٧ | ٠٧:٠٠ مساءً.
**http://aynaliraqnews.com/index.php?aa=news&id22=73658**

(٣) مركز الجزيره (٢٠١٧) : تقارير و حوارات، أبرز ميليشيات الشيعييه مسلحه فى العراق.

(4). Abbas Ghandi, C-Y. Cynthina Lind (2014): Oil and Gas service contruct around the word: A review. Institue of transportation student, University of California at Davis. U.S.
-Also you can see it: John Perkins (2012) : Confessions of an Economic Hit Man.

(5). Ros Neft and Iraqi Kurdistan Government sign exploration, Production Contracts. Fror mor information. See a formal wedside of RosNeft www.rosneft.com

(6). Rebuilding Iraq Report (2017): KRG release statement regarding English court arbitration decision with Dana Gas, Crescent Petroleum and Pearl Petroleum.

(7). ExoonMobil (2016): The outlook for Energy " A view to 2040", P. 5-6.

(٨). جريده زمان تركيه (٢٠١٦): تركيا فى المركز الپالپ أوروبيا فى استيراد الغاز، فى: يونيو ٢٢، ٢٠١٦، ١٠:٥٨. انقر هنا:
www.Zamanarabic.com .

(9). Natan sachs& Tim Boersma (2015): The energy island: Israel deals with its natural gas discoveries, Foreign policy at BROKINGS.

(10). Michael Ranter (2016): Natural gas discoveries in the eastern Mediterranean, FS. P 6-7.

(١١). بى بى سى BBC(٢٠١٧): العلاقات السعوديه الٲمريكيه: تحالف دائم واختلافات گارئه، انقر هنا للمعلومات المزيده:
http://www.bbc.com/arabic/middleeast-40001070

(١٢) تقارير مركز الحره، تحرك فى الكونغرس لعرقله بيع أسلحه للسعوديه

(١٣). الوگن (٢٠١٦): تفاصيل الٲزمه السعوديه الإيرانيه بعد إعدام "النمر": گهران تهدد والرياچ تسلم مؤكره احتجاج.

(١٤). اليوم السابع (٢٠١٦). ٥ معلومات تلخص أهميه مچيق هرمز الاقتصاديه و الاستراتيجيه، (كتب: هاشم فخرانى).

(15). Atheer Ayoub (2015). Iraq before & after 2003. Upsala University.

(16)Mediterranean Institute for Regional Studies (2018): Corruption remains the Second Insurgency of Iraq.
http://www.mirs.co/details.aspx?jimare=86

(17). Robin Mills (2016). Under the mountain: Kurds Oil and Regional Politic, University of OXFORD institute for ENERGY studies.